دەرو هـامـــۆن بـــن  پـاک
هی خۆمان بێ زەوی نمنـاک
نیــــــر لە ملان بـکرێـتەوە
ئەلقـەو بزمـوک ببــڕێتـەوە
وەسەر شـانی ئێمەی ئاژەل
زەختـەو لغاو بســـــڕێتەوە
وێنجـەوگیاو پـــاوان و جـۆ
چــــەوەنـدەری بەتـام و بۆ
هەرچی لەخاک سەردەرێنێ
بۆ بژیومان هەمووی بـۆ خۆ
دەشت وچیا سەوزڕەنـگین
کانی وڕوبار پاک شـــــیرین
شروەیکێوان هەر فێنک بێ
هەرسەوزبێ خاکی زەمـین
کەر و بـەرزەو  خڕ ئـاژەلان
زۆر نـەمـاوە شـادی ژیـان
وەدەرکەوێت لـەناو جیـهان
ڕزگـار ببـن گشت  ئاژەلان
هۆ ئاژەلانی ئینگلســــــتان
ئەی ئاژەلانی گشـت جیهان
گوێ ڕاگرن بـەدڵ وبـە گیان

## بەشی چوارەم
*

لــە کۆتــایی هــاوینی ئــەو ســاڵەدا دەنــگ و باســی ڕوو داوەکانی قەڵای ئاژەڵان دەنگی دایەوەو لە تەواوی ئـەو نـاوەدا بلاو بوەوە(سنەوبال)و(ناگلیۆن)هەموو ڕۆژێک کۆترەکانیـان ڕا دەسگارد و دەیان ناردنە مەزراکانی تر هەتـا لـەو مـەزرایانـەی هاوسێکانیان دا دەنگ وباس و ڕووداوەکانی قەڵای ئـاژەڵان بـۆ ئەوانی تر بلاو بکـەنـەوەو داسـتانی شـۆڕش بـۆ ئـاژەڵـەکـانی دەرەوەی قەڵای ئاژەڵان شیٚ بکەنـەوەو گێیـان ڕایگـەیـەنـن و سرودی ئاژەڵانی ئینگلستانیان بۆ بخوێننەوەو فێریان بکەن.لەو ڕۆژانـەش دا(جـۆنز)لـە میخانـەی( شـێری سـووور)دا سـەرو کەللەی گەیدا ببوو،بۆ هەموو ئەوانەی کـە حـەوسـەلـەی گـویٚ ڕاگرتنیان لە(جۆنز)بوایە،ئەوا باسی ئەوەی بۆ دەگێڕانەوە کـەوا چۆن،کۆمەڵیٚ لە ئاژەڵان زۆر بیٚ بایەخانە ئەویان لە مەزراکـەی کە مەزرای( مانر)ە دەرگەڕاندووەو چۆن زولمیان لـیٚ کـردووەو گەلێک بە نـاڕازی بوونـەوە باسـی شۆڕشـی قـەڵای ئـاژەڵانـی

ئینگلستان)بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرەوە لە تەواوی ئەو دەورو بەرەی قەلای ئاژەلان دابلاو ببوەوە،هەمویان وشەکانی سرودی(ئاژەلانی ئینگلستان)یان دەزانی هەرچەندە کە مرۆڤەکان وایان نیشان دەدا کە ئەمە شتێکی مەسخەرەو گالتە گێکراوەو زۆر بێ نرخە،بەلام مرۆڤەکان ئەوەیان نەدەتوانی کەوا لەڕاست ئەوەدا بێ دەنگ بن و گوێی گێ نەدەن و دەیانگوت:کە چۆن دەبێتن چوا گایەکان ئامادە بن و بە ئاوازەوە ئەم سرودە بێ نرخە بچڕن،هەر ئاژەلێک لە کاتی خوێندنەوەی ئەم سرودە بگیرێتن ئەوا تێرو گرٍ بە خوترمەو مەترەق دەیان کوتن،لە گەل ئەوەش دا سرودی (ئاژەلانی ئینگلستان)نەدەبڕایەوەو بێ دەنگ نەدەکرایەوەو هەر بلاو دەبوەوە،بالندەکان لە سەر دارو لێواری گەرژینەکان بە جریوە جریو و جوکە جوکەوە سرودیان دەچڕی،کۆترەکان بە گمە گمیانەوە سرودیان دەچری،ئاوازی سردی (ئاژەلانی ئینگلستان)لە دەنگی زەنگی کلیسەکان ولە گەل چەکوچی ئاسنگرەکان و دەنگ وڕەنگی دەدایەوەو بە تاخی ئاسمانەوە دەچوو،بیشتنی ئەو ئاوازەو هەوالەکانی قەلای ئاژەلان ترسێکی زۆری خستبووە ناو دلی خەلکەوە،مرۆڤەکان ئایەندەیەکی زۆر خراگ و شومیان تیادا وەدی دەکرد.

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ئەو سالە دا،کە داناش و دانەوێلە دروێنە کرابوو و گەلێک لە خەرمانەکانیش

قەیسەری و شەگرزەیان کردن،گشیلەش لە ناکاوەوە لـە سـەر یەکێ لە خانوەکانەوە خۆی فڕێ دایـە سـەر شـانی یـەکـی لـە گاوانەکان و چڕنوکی تیژی خۆی بە توندی لە گەردەنی گـاوان دا گرت و گاوان یەک بە خۆی هاواری لێ هەستاو ڕای کرد،هەر لە گەل ئەوەی کە هێرشکەرە مرۆڤەکان،هەلیان بـۆ ڕەخسـا بـە گـرە گـرەوە ڕایـان کردلـە شـەقامـەکـەی سـەرەکـی قـەلای ئاژەلانەوە تێیان تەقاندو هەلاتن،تەنانەت گێـنج دەقیقـەش لـە دوای هێرشەکەوە خۆیان گێ ڕا نەگیراو تێک شـکان،لە کـاتێ کە مرۆیەکان هـەل دەهاتن،ئـاژەلـەکـان وەدوایـان کـەوتـن و مراویەکـان بـە جووقـە جـوق و قیـژە قیـژەوە جومگـەو قـاچی مرۆڤەکانیـان گـاز دەگـرتن و تـا لـە قـەلای ئـاژەلان دەریـان گەڕاندن و ڕاویان نان،مرۆیەکان هەموویان قوتار بوون جگە لـە یەکێکیان کە کە بە لەققەی(باکسەر) کەوتبـووە سـەر زەوی و لە سەر زگ لێی کەوتبوو (باکسەر) دەیەویست کـە بـە سـمە گـەورەکـانی وەری بگێڕێتـە سـەر گشـت و بزانـێ مـاوە یـان مردووە،بەلام کابرا نققەی لێ بڕا بوو(باکسەر)یـش کـەئـاوای دیت مردووە،گوتی:من نەم دەویست ئەم کارە بکەم،ئەوەم لـە یاد چوو بوو کەوا نـالی سـمەکـەم ئاسـنە،هـیچ مـەبـەسـتێکی کوشتنی ئەم کابرایەم نەبوو ،بەلام کێ باوەڕ دەکاتن کەوا مـن مەبەستی کوشتنم نەبووە؟(سنەوبال)یش کە هێشتان خوێن لە برینـەکـانی دا بازڕقـەی دەکـردو نـەڕانـدی و گـوتی:هـاوڕێ

سەر قەلای ئاژەلان دەکردەوەو خۆیان بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەکرد.

(سنەوبال)و (ناپلیۆن)لەو بارەشەوە هەر دژی یەکتر بوون،ڕای (ناپلیۆن)وابوو کە دەبێت چەکی ئاگردار بۆ بەرگری لە خۆ کردن پەیدا بکرێت و گرنگی بە چۆنیەتی بە کار هێنان هەولێکی باشی بۆ بدرێت،بەلام(سنەوبال)پێی وابوو کە دەبێت بۆ بێ هێز کردنی مرۆڤەکان زیاتر هەول بدرێت کەوا شۆڕش بۆ دەرەوەی قەلای ئاژەلان بنێردرێت و کارێکی زۆریش بکرێت تا ئەو شۆڕشە لە دەرەوەی قەلای ئاژەلان وەدی بێت و سەر بگرێت،ئەوەش بە هۆی پڕوپاگەندەی زۆر و ناردنی کۆترەکان بۆ مەزراکانی تر،تەواوی ئاژەلان ئاگادر بکرێن و فێر بکرین کە دژی ئاغاکانیان ڕاگەڕن و شۆڕش بکەن،ئەگەر بێت و لەم کارە سەرکەوتوو بن ئەوا مرۆڤەکان لە پەل و پۆ دەکەون و زیاتر بێ هێز دەبن و بیری هێرش و پەلاماریان بۆ قەلای ئاژەلان نامینێت و لە تاقەت و هێز دەکەون،بەلام ناپلیۆن پێی وابوو ئەگەر بێت و ئاژەلانی مەزراکەیان،هێزی بەرگریان نەبێت ئەوا مرۆڤەکان لە هێرش کردن بۆ سەر قەلای ئاژەلان سەردەکەون ،بەلام (سنەوبال) پێی وا بوو کە ئەگەر شۆڕش ڕوو بدات لە مەزراکانی تر ئەوا پێویستی بە بەرگری نیە چونکە مرۆڤەکان توانای هێرش کردن لە دەست دەدەن.

پاشــنیوەڕۆیــانی ڕۆژانــی یــەکشــەمــووش دا دەبــێ کــار بکرێت،ئەلبەتە ئەم کارەش بە تۆبزی نیەو بـە حـەز لـێ بوونـە ئەوەی کـە بیـەوێ کـار بکـات و ئـەوەی نـەشـیەوێ کـەیفـی خۆیەتی،بەلام لە کاتی دیار نەبوونی ئاژەلێک لە سەر کاردا ئەوا ئـالیکی ئـەو ئـاژەلـە نیـوەی لـێ کـەم دەکرێتـەوە،ئـەم شـێوە دەربڕینـەش بـوو بـە هـۆی پشـت گـوێ خسـتنی کـارو بـاری مەزراوە،بۆ وێنە خەرمان کوتان و هەلگرت وەکو سالی پێشو بـە ڕێوە نەدەچوو،ئەو دوو پارچە زەویەی کە لەمـەو پـێش دەکـران شکارتەو دەچێندران بە بەلگـەی شـۆوو وەرد نـەکردنیـان لـەو سـاله دا لـە کـاتی خـۆی دا ئامـادەی چانـدن و تـۆ کردنیـان نەکرابوو،واش پێشبینی دەکرا کەوا زستانی داهـاتوو زسـتانێکی یـەکجـار سـەخـت و سـارد و سـڕی و پـڕ لـە بـەفـرو بـوران بێت،(ئاشی بایێ)توشی بە گەلێ گیرو گرفتی چاوەڕوان نەکراو هاتبوو،لــە نــاو کێلگــەی قــەلای ئــاژەلان دا گــەچ گــەیــدا دەبوو،هـەنـدێ زیـخ و چـەمـەنتـۆی کـۆنیش لـە یـەکـێ لـە حەوشەکانی تـەویلـەکـەدا لـە بـەردەسـتان بوو،بـەلام بـەردی پێویست دەبوایەلەت لەت کربـاو  بشـکێندرابایە،کـە ئـەمـەش کارەیکی سەخت بوو بۆ ئاژەلەکانو بۆتەواوی ئاژەلان کارێکی وا ئاسان نەبوو،بۆ ئەم کارەش پێویستیەکی  زۆر بە باریەو کوتکی ئاسنی سەنگین و هەندێ کەل و گەلی تر هـەبوو،تـەواوی ئـەو کەل و گەلانەش بۆ بەرد شکاندن پێویستی بە وەستان لە سەر

قەلای ئاژەڵان قەڵای ئـاژەڵان
هەمیشە ئەتۆی وا لەبـەر دڵان
قـەت زیان بەتۆ ناگەینم ئەمن
هـەرخۆشم دەوێی تا مبمئەمن

ئەم سرودە لە هەموو ڕۆژانی یەکشـەمـوودا کـە ئـالای قـەلای ئاژەلان بەرز دەکرایەوە لە جیاتی سرودی ئاژەلانی ئینگلسـتان ئەم سرودە دەخوێندرایەوە، هەرچەنـدە تـەواوی ئـاژەلان ئـەم سرودەیان وەک سرودی پێشوو بـە دل و لا خـۆش نـەبـوو بـۆ چڕاندن و سرودی پێشویان لا زۆر خۆشتر بوو بەلام چـارەیـان نەبوو ئەوە بڕیارە و کە دەبـێ ئـەنجـامی بـدەن و ئـەم سـرودە تازەیان بچڕن.

گفــت و گۆکــانی لــە گــەل(گیلکینگــتن)دا لــە ژێــرەوە لــە گــەل(فریــدریک)یــش خــەریکــی مامــەلــە کــردن بووبوو،کــە گەیوەندیەکانی خۆی لــە گــەل (فاکســود)دا بــە تــەواوی بــڕی بوو،ئیتر کار گێچەوانــە کرایــەوە،جنێــوی ناشــیرین و دروشــمی دژایەتی (گیلکینگتن)بەرز کرایەوەو دەگوترا،کۆترەکان ئاگــادار کرانەوە کە ئیتر جنێو دان بە(فریدریک)و دوژمنایــەتــی کــردن بــەمــەزرای(گێنجفیلــد)نــەمــاوە،لــە جیــاتی چونیــان بــۆ مەزرای(فاکسود)ەوەو دەچنەمەزرای(گێنج فیلدەوە)لـە جیـاتی دروشمی مەرگ بۆ (فریدریک)مـەرگ بـۆ (گیلکینگـتن) بـەرز دەکرێتەوە،ئیتر ئاژەلەکانیان لەوە دلنیا کرد کەبەڕاستی هێـرش کردن بۆ سەر قەلای ئاژەلان شتێکی ئەفسانەو دروسـت کـراو بووە،ئەو هەموو قسەو قسەلۆکەیەی کە بـەرامبـەر(فریـدریک) گوتراوەو دەربارەی ئاژەلانی مـەزرای (گێنجفیلـد)ەوە گـوتراوە هیچی ڕاستی بۆ نەبووەو موبالەغەی تیا کراوە،تەواوی ئەو گـڕو گاگەندانە لە لایـەن خـودی(سـنەوبـال)و دارو دەسـتەکانیـەوە دروســـــت کـــــراوە،(ســـــنەوبـــــال)هـــــەرگیـــــز لـــــە مــەزراس(گیجفیلــد)دانــەبــووەو قــەت گێــی نــەخســتۆتە ئــەو مەزرایەوە،ئەمە بە گێچەوانەوە بووە کە(سـنەوبـال)بـەوگـەڕی شــادی و خۆشــیەوە لــە مــەزرای(فاکســود)ەوە بــووەو لــە وێندەربـەوگـەڕی شــادی و خۆشـیەوە ژیـاوە،ئـەوەی ڕاسـتی بێت(سنەوبال)سالەهایە چەلاو خۆری (گیلکیگتن )بووە.

لە سەخاوەتی خۆی دا کڕیوە ئیتر شەک و گومانی ئاژەلانی بڕی و وا بۆی دەچوون کە هیچ نەبێتن(باکسەر)بە هۆی ئەو چاو لێ بوونە لە دوا مەرگی دا خۆشخال و بەختەوەر بووە.

دوای ئەو ڕوداوە (ناگلیۆن)لە کۆبوونەوەی یەکشەموو دا خودی خۆی ئامادەبوو،وتارێکی کورتی بۆ شانازی کردن بە(باکسەر)خوێندەوە و گوتی:بە داخەوە کە هێنانەوەی تەرمی(باکسەر)لە توانا دا نەبوو،بەلام فەرمانی ئەوە دراوە کە دەستە گولێکی ڕەنگین و جوان لە گول و گیای قەلای ئائاژەلان ئامادە بکرێت و بۆ سەر گۆڕی(باکسەر)ببردرێت،هەروەها بەرازەکان بڕیاریان داوە کە مێوانداریەکی زۆر باش بۆ بیرەوەری (باکسەر) بکەن(ناگلیۆن)بە دووبارە کردنەوەی دروشمە هەمیشەییەکانی (باکسەر)کە دەیگوت(من هەمیشە زیاتر کاردەکەم و هەق هەردەم بە(ناگلیۆنە)دوایی بە قسەکانی خۆی هێناو گوتی:لە جێگەی خۆشیەتی کە هەر ئاژەلێک ئەم دوو دروشمەی لە گوێ بگرێت و هەمیشە بۆ بیرەوەری بیلێتەوە.

ڕۆژێک ماشێنی باری و عەتاری (ویلنگدن)هاتە ناو قەلای ئاژەلانەوە سەندوقێکی گەورەی دا ناو بە جێی هێشت،لەو شەوەدا دەنگ و ئاوازێکی زۆر بەرز بووەوە،گاشان سەرو سەدایەکی زۆر کە لە تێکچڕژان و لێکدان دەچوو دەهات،دوایش کە دەورو بەری سعات یازدەی شەو بوو دەنگی

ئەسگی نەجیب و ڕەسەن و کارکەر بوون و هاوڕێی گەلێ دلسۆز و باش بوون،بەلام کەمێ گەمژەل و هێڕبوون،بۆ خوێندەواری و فێر بوون باش نەبوون، تەنیا فێربوونیان لە گیتی (یا)وە تێ نەدەگەڕی،هەرشتێکیان دەربارەی ڕابوردووی قەلای ئاژەلان و شۆڕشیان بۆ باس دەکردن ئەوا ڕاستەو خۆ باوەڕیان دەکرد، لە گەل ئەوەش دا کە دیاربوو کە ئەوان شتێکی وایان لەوبارەوە دەستگیر نەبووەو تێی نەگەیشتوون.

مەزرای قەلای ئاژەلان لە جاران باشترو ڕێک و گێکتر بووبوو،بە کڕینی ئەو دوو گارچە زەویەی کە لە (گیلکیگتن)کڕدرابوو قەلای ئاژەلان گەورەترو گان و گۆڕ تر بووبوو(ئاشی بایێ)ش کە لەو ئاخرو ئۆخرانە دا سەرکەوتوانە تەواو کرابوو ،هەموو ئامێرەکانی وەک زەوی کێلان ودروێنە کردن و  خەرمان و کوزر کوتان  و وێنجە بڕین کە هەمووی لە قەلای ئاژەلان دا هەبوو ئامادەی کار بوون(ویمگەر)ببوە خاوەنی گالیسکەیەکی تەک ئەسگی، ئاشی بایێ تەنیا بۆ ئارد هاڕین بە کار دەهات و هیچ کارەبایەکی لێ وەر نەدەگیرا،تەواوی ئاژەلان  زۆر بە گرنگی خەریکی دروست کردنی خانوێکی تری (ئاشی بایێ)بوون،بڕیار وابوو کە لە گەل تەواو بوونی ئەو ئاشەدا دیلەمۆی کارەبا گەیدا بکرێتن و بە کاریخرێتن.

مەڕەکانەوە نەبوو،(سکۆئیلر)یش زیاتری کاتی خـۆی لـە گـەل ئەوانـەوە بـە ڕێـوە دەبـردو دەیگـوت:کـە خـەریکـی ئـەوەیـە سرودێکی تازەیان فێر بکاتن،ئەم کارەش گێویستی بە جێگەی چۆل و ئارامەوە هەیە،کە بە باشی ئەنجام بدرێتن.

شەوێکی درەنگان کە هەوایەکی فێنک و خۆش و دلگیری هەبوو،تازە گەڕابوونەوە،تەواوی ئاژەلەکانی تریش دەستیان لـە کاری ڕۆژانەوە هەلگرتبوو،لە ناکـاو دا کـورژنێکی زۆر سـامناکی یەکێ لە ئەسگەکان هات،بـە بیسـتنی ئـەو کورڕژنـەو سـەدایـە سامناکە ئاژەلەکان زۆر هەراسان و بێ دەنگ بوون،ئەو کورڕژنـە دەنگی(کلۆر)بوو،جارێکی تریش (کلـۆر)بـە هـەمـان شـێوەوە حیلاندیەوە،ئاژەلەکان ئەمجارە بە تێکڕایـی وە هێرشـیان بـردە ناو حەوشەکە،ئـەو شـتەی کـە(کلـۆر)بـە دیتنـی حیلانـدبووی ئاژەلەکانیش هەموویان دیان کەوا بـەرازێـک دەیـەویسـت لـە سەر دوو گێیان بڕواتن،ئەو بەرازەش خودی(سکۆئیلر) بوو،کـە هێشتان شارەزایی لەم کارە دا گەیدا نەکردبوو،تا بتوانێـت بـەو هەموو قورسی و قەلەویاتی خۆیەوە خۆی لە سەر دوو گێیـان ڕا بگرێتن،هەر بەو شێوەیەوە لە حەوشـەکـەدا خـەریکـی گڕۆڤـە کردن و خۆ ڕا هێنان لە سەر دوو گا ڕۆیشتنەوە بوو،هەندەی گێ نە چوو کە ڕێزی درێژی تەواوی بەرازەکان کـە هـەموویـان لـە سەر دوو گێیانەوە دەڕۆیشتن لـە نـاو سـاختمانەکـەوە دەهاتنـە دەرەوە،هەندێکیان لە هەندێکیان باشتر دەڕیشتن چاکتر دەیان

هاوڕێ بانگ دەکرد،بەلام ئێستا ئەوە ڕێگەی لێ گیـراوەو بـەو شێوەیە نەماوە،لە مەو گێش هەموو ڕۆژێ یەکشەموان ئـاژەلان لە گێش کەللە سەری بەرازێکی نێرە بە ڕێـژە ڕەت دەبـوون و ڕێزیـان لـێ دەگرت،ئێسـتاکە ئـەوە نـەمـاوەو ئـەم کـارەش ڕاگیراوە،کەللە سەری بەرازەکەش لە گـۆڕ نـراوە(نـاگلیۆن)لـە سەری ڕۆیی و گوتی:مێوانـانی بـەڕێـز لـەوانـەیـە ئـەو ئالایـە شەوزەی کە لە سەر بانەکەدا دەشەکێتەوە سەرنجی ڕاکێشا بن و لێـی ورد بووینـەوەکـە وێنـەی سـم و شـاخێکی لـە نـاو دا کێشراوە،بەلام ئێستاکە ئەوەش نەماوەو لامـان داوە،بڕیـاریش وایـە کـە ڕەنگـی ئـالای قـەلای ئـاژەلان هـەر سـەوز دەمینێتن(ناگلیۆن) ڕووی لە (گیلکینگتن)کردو گوتی:گـەلێـک سوگاسـی ئـەو هـەمـوو فـەرمایشـات و گەیڤانەی(گیلکینگتن)دەکەم کەوا لە وتـارەکـەیـان دەربـارەی دۆسـتایەتـی و هاوکـاری کـرن و یـەکێتـی فـەرمویان،تـەنیـا ڕەخنەیەکی بچکۆلانەم هەیە ئەویش ئەوەیە کە ناوی کێلگـەی ئێمەی بـە (قـەلای ئـاژەلان)برد،هـەلبـەتـە ئـەوان ئـەوەیـان نەدەزانی کە ناوی (قەلای ئاژەلان)دەگۆڕ درێت و وەکو جـاران بە ناوی کێلگـەی(مـانر)ەوە نـاو دەبـردرێتن و نـاوی (قـەلای ئـاژەلان)لـە سـەر نـەخشـە ڕەش دەکرێتـەوەو نـاوی دەبێتەوە(کێلگـەی مـانر)لـە کۆتـایی گـەیڤـەکـانی(نـاگلیۆن) گـوتی:گلاسـەکانتـان مشـت بکـەنـەوەو هـەروەک

داوە ئایا لە بەرازەکان گۆڕانکاری ڕووی داوە یاخۆد خۆی گۆڕاوە،بە هەموو هەول و توانایەکیەوە بیری دەکردەوەو لەوانی دەڕوانی کەچی بۆی نەدەکرا کەوا هیچیان لە هیچیان جیا بکاتەوە،چەگلە ڕێزان و هەراو هۆریای کۆڕی بەرازو مرۆڤەکان کەمێ ئارامتر بووەوەو لە سەر مێزی قومارەوە ڕوونیشتنەوە.

ئاژەلەکانیش لەو دیو گەنجەرەکەوە زۆر بە هێمنی و ئارامی و لە سەر خۆیی و هێواش هێواش بەرەو دوا کشانەوە،هێشتان چەند هەنگاوێکیان نەهاویشتبوو کە دەنگی شیرە شیرو هەراو هۆریا بلند بۆوەو کە لە لای کۆڕەکەوە دەهات،ئاژەلەکانیش دیسان بۆ لای گەنجەرەکەوە گەڕانەوەو ژوورەکەیان ڕوانیەوە تاکو بزانن کە چی ڕووی داوە،کە سەیریان کرد بۆیان ڕوون بۆوە کە دەمەتەقێ و خۆ گیف کردنەوەلە یەکتر لە سەر مێزی قومار داگەیدا بووە،یەکێ دەینەڕاندو ئەویتر مستی لە مێز دەدات،ئەمیان گومان لەو دەکات و ئەوییان ئەم بە درۆ دەخاتەوەو هەموویان وا خیسە لێک دەکەن و کۆڕەکەیان بە تەواوی شلەژاندووە،گاشان بۆ ئاژەلەکانی ئەو دیو گەنجەرەکەوە ڕوون بووەوە کە هەردو لا بەرازو مرۆڤەکان فێلیان لە یەکر کردووەو هەردوولا بە فێلی یەکتریان زانیوە و ئەو هەموو مشت و مڕەیان لە سەر هەندێ بووە.

دوازدە دەنگی گڕ لە تووڕەیی و ترسناک. بەرز بۆوە کەوا هەموو دەنگ و هاوارەکانیان یەکسان بوون و بە یەک

جەبار حاجی دەستی لێ شل کرد بوو دوایی کە لێک هەلبڕاین جا نازانم تەواوی کرد یاخێر.بە هەر حال دلمان زۆر خۆش بوو بەو کارە گرنگە،وا بوو لە یەک دوور کەوتینەوە،من کەوتمە ئەوروگاو ژیانی دوورە وەلاتان کە سەخت ترین ژیانی مرۆڤەو دەتوانم بلێم مردەنیەو ئەوەی کە لە وەلاتی خۆی دوورکەوتەوە بەلای منەوە دەمرێتن و لە هەموو شتێ بێ بەش دەبێتن،من هەروا دەزانم کە بەرەو نامۆیی چووم بەرەو مەرگ هەنگاوم ناولە دۆست و یارانی ئازیز و کۆڕی خەبات و تێکۆشان دوور کەوتمەوە،کە زۆر جار دەلێم بریا هەر زوو لە سالانی شۆشی ئەیلولی مەزن لە ژێر ناگالمی دوژمنانی کوردستان بردباین بەلام ئەم ژیانە گڕ لە کوێرەوەری و نەهامەتیانەمان لە دووری خاکی شیرن و ڕەنگین هەرگیز نەدیباو قەت لە یاران و ئازیزانی خۆمان دوور نەکەوتباینەوە،بەلام ئەوەی کەخۆزیاو بریایە تازە بێ سودەو هەرگیز ناگەڕێتەوە.ئیتر هەموو هیواو ئاوات و نیازێکی کەبە دل و گیانەوە هەم بوو و سالەها سال نیازم بوو و خۆم دەکردە قوربانی ئەو ئاوات و نیازانەم هەمووی لە غوربەت ونامۆیی دا لێم ون بوون،هەرچەندە کە هەرگیز ڕەش بین نەبوویمەو قەتیش کوردستانی ئازیزی خۆم لە بیر ناچێتەوەو ئەو ئاوت و نیازەی کە هەمە لە غوربەتیشەوە خەباتی بۆ دەکەم و تا دوا هەناسەی ژیانم هەر گەش بینم و باش دەبینم،بەلام داخەکەم دووری مەرگ و نەمانە،من کە قەلای ئاژەلانم تەواو

